# بۆگەنی شۆڤێنیزم  لە  پرۆسەی مەهزەلەی هەڵبژاردن لە کەرکوک دا بەرزدەبێــتەوە !

سامان کەریم
Zaryak@yahoo.com

کەرکوک وەکو زۆربەی شارەکانی دنیا، شارێکی "فرە زمان"و "فرە ئاینە". خەڵکی ئەم شارە بە درێژایی مێژوو وە تاکو ساڵی 1958و دارشتنی دەستوری کاتی عێراق لە تەموزی ئەم ساڵەداو دواتر ساڵی 1961 و  بزوتنەوە چەکدارییەکەی ئەیلول، هیچ کۆسپێکیان نەبوو، بەشێوەیەکی ئاشتیو ئینسانی پێکەوە لەپاڵ یەکدا دەژیانو لەخۆشیو ناخۆشی یەکتریدا هاوبەش بون. لەوکاتەوە کە بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی لە عێراقدا باڵادەست بوو، وە دەستورو یاساکانی عێراق لەسەرپایەی قەومگەرایی عەرەبی دارێژراو عێراق وەکو بەشێك لە "نەتەوەی عەرەب" ناسێنراو مەفهومی هاوولاتیبونی یەکسان جێگای خۆیدا بە پێناسە لە سەر پایەی "نەتەوە"و بەم پێیەش دابەشکردنی خەڵکی عێراق لەسەر پایەی " نەتەوە"، هەروەها سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کوردایەتیو لە قاڵبدانی هەوڵو خەباتی خەڵکی کوردستان لە پێناو رزگاربونیان لە ستەمی قەومی لە پیناو هاوبەشیکردنی حیزبەکەیاندا لەدەسەلاتی مەرکەزی لە ژێر دروشمی " لامەرکەزی"دا، لەو کاتەوە کەرکوکو خەڵکی ئەم شارە پشویەكو ئاهێکی ئارامو ئازادانەیان هەلنەکێشاوە، ئەگەرچی مێژووی خەڵکی ئەم شارە مێژویەکی درەخشانە لە هاوپشتی ئینسانیو چینایەتی، دژ بە داگیرکەرانو سەرکوتکەران، کە گاورباخی نمونە بەرجەستەکەیەتی.

حکومەتی بەعس وەکو نوێنەری بورژوازی عەرەبو پیادەکەری سیاسەتی پاکتاوکردنی نەتەوەیی دژ بە خەڵکی کورد لەم شارەداو ڕاونانو دەرکردنی خەڵکی کورد زمانی ئەمشارە، وەکو بەرجەستەکردنەوەی شۆڤێنیزمی عەرەبی، برینی ئەمە شارەی قولتر کردەوەو هەڵاواردنی قەومی گەیاندە ئەوپەڕی خۆیو بەمشێوەیەش هاوپشتی ئینسانی نێوان خەڵکی ئەمشارە جێگای خۆیدا بەکوشتنو ڕاونان، دەرکردنو ماڵکاولکردن.

## *ڕوخانی حکومەتی بەعسو داگیرکردنی عێراق!

ڕوخانی حکومەتی بەعسی گۆر بەگۆڕ، لەسایەی داگیرکاری ئەمەریکاداو هاوپشتیو دەستگیرکردنی بۆ کۆنەپەرسترین هێزی ئیسلامیو قەومیو فراوانبونەوەی دامێنی جەنگی تیرۆریستی نێوان ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی، کۆمەڵگای عێراقی بردە نێو زەلگاوی سیناریۆیەکی ڕەشەوە، کە تەواوی بنەماکانی ژیانی مەدەنیو مەدەنیەتی کۆمەڵگای داڕوخاند بەسەر یەکدا.   لەم نێوەدا کەرکوكو خەڵکی کەرکوك، بەشێکی گەورە لە مەئساتو کوێرەوەری وشەڕو پێکدادانی قەومی یان بەرکەوت. دیوێکی سیناریۆی ڕەشی ئەمڕۆی عێراقدا کێشەو کێبەرکێی قەومی نێوان لایەنو هێزە سیاسییەیە قەومیو دینییەکانە لەکەرکوکدا، ئەم سیناریۆ ڕەشە لەم شارەدا بوبە ترس لە تەقینەوەی شەڕی نیوان خەڵکی کوردو عەرەبو تورکمان، بوبە هەڕەشەو شەڕ کردن لەسەر هەویەتی ئەم شارەو لە بەرکردنی بەرگی کوردی یان عەرەبی یان تورکمانی بۆی، لەلایەن هێزە قەومییە جیاوازەکانەوە، بوبە ڕەشەکوژی سیاسی نێوان لایەنە قەومیەکان، کوشتنی چەندین بەریوەبەری فەرمانگەو ئەفسەرو ئەندام سەکردایەتی ئەحزابو ئەندامی مەجلیسی بەلەدیە، لە هەموو زمانە جیاوازەکان. لەباری سیاسیشەوە تەواوی ئاوارە کوردەکان، بونە وەسیلەی ساتو سەودای ئەحزابی کوردی، کە تا ئێستا یان لە ژێر خێمەو بینا کۆنەکانی سوپای عێراقدا دەژین یان خانوکەیەکی بچوکیان بە گەچو بەردو بلوك دروستکردوە بەبێ هیچ خزمەتگوزارییەك، کە ئەویش بۆخۆی مەئساتێکەو ئاکامەکانی لە سالانی داهاتودا دەردەکەوێتو لەلایەکی تریشەوە، مافو ویستی ئەوان بۆ گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆیان بۆتە جێگای بەرزبونەوەی دەنگی شۆڤێنیزمی عەرەبیو لایەنە تورکمانیەکان. بەڵام لایەنێکی ئەم مەسەلەیە پروپاگەندەو ویستی هەردوو حیزبی یەکێتیو پارتییە بۆ دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکان" وگێڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان.

## *خەڵکی کەرکوك لەسایەی هەڵبژارندا، بونەتە کالای دەستی ئەحزابی سیاسی

بەلام ئەو پرۆسەیەی نێویان ناوە هەڵبژاردن، کە لەراستیدا گالتەجارییەکی بێوینەو یاریکردنە بە مافی هاولاتیانو تەنانەت بە شعورو کەرامەتیان، لە کەرکودا بۆتە بەرداشێك بۆ هارینی خەڵکی ئەم شارەو دابەشکردنو لێکدابڕینی زیاتری نێوانیان لەسەر پایەی" قەوم"و لەم نێوەشدا کوردە ئاوارەکانو عەرەبە هێنراوەکان بونەتە پەتی ڕاکێشانی نێوان بزوتنەوەی شۆڤێنیزمی عەرەبی و شۆفینیزمی کوردو هەریەکەیان بەنێوی ئەوانەوە دەیانەوی کۆنترۆڵی  سیاسی ئەم شارە بکەن. دەنگی ئەوان بۆتە کالایەكو لە مەزاد خانەی فرۆشتنی دەنگەکاندا، مامەڵەو ساتو سەودای پێدەکرێت. سەرنج بدەن، "ئاوارە کوردزمانەکان" کە لەسەر دەستی کۆنەپەرسترینو ڕەشترین دەسەلاتدا، کە لەلایەن حکومەتی قەومی بەعسەوە نوێنەرایەتی دەکرا، گەورەترین کوێرەوەریو نەگەبەتیو مالوێرانیان بەسەرداهات، لەسایەی سیاسەتی شۆڤێنی پاکتاوکردنی قەومیدا، بەزۆرەملێی ڕاگوێزرانو مالو جێگاو ڕێگایان دەستی بەسەردا گیرا، تازە ئەگەر شانسی ئەوەیان هێنابێت بە سەلامەتی گیانی خۆیان رزگار کردبێت. کەچی سەرەرای ئەوەش

لەجیاتی بەرەو بیرچون‌و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆیان، ناسیونالیزمی عەرەب‌و بەرەی تورکمانی، مافی ئەوەیان لێ‌زەوت دەکەن کە بگەڕێنەوە سەر جێگاو خانوی خۆیان، بگەرێنەوە لای دایك‌و باوکیان یان بگەڕێنەوە لای مندالەکانیان، وە مافی "دەنگ دانیان هەبێت"، ئەم بیرو راو بۆچون‌و سیاسەتە چ بۆگەناوێکە کە ناسیونالیزمی عەرەب تیایدا پەلەقاژە دەکات، ئەمە لەحالێکدایە کە ناسیونالیزمی عەرەب باوکی گەورەیان مردوەو هێزێکی مونسجەم‌و ڕیکخراوو بەهێز پێك ناهێنن، جاوەرە ئەگەر بێت‌و بتوانن خۆیان ڕیکخراوبکەنەوە!!. ئاوارە کوردەکان مافی بیٔەملاولای خۆیانە، کە لەتەواوی ئیمکاناتی ئەم شارە بەهرەمەندبن‌و زەرەرو زیانەکانیان بۆ بگێردرێتەوەو تەعویزیان پیٔبدرێت، دیارە حەتمەن مافی دەنگدان‌و خۆهەڵبژاردن، مافی حاشاهەلنەگری خۆیانە وەکو باقی دانیشتوانی شارەکە.

بەڵام لایەنی بەرانبەر کە ناسیونالیزمی کوردەو لەلایەن یەکێتی نیشتمانی‌و پارتی دیمکراتەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، لە سەرەتای گاڵتەجاری هەڵبژارندا، پیٔی خۆیان قایم کردبوو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 58 لە قانونی مەرحەلەی ئینتقالی کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە" عەرەب المرحلین" بگێردرێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، ئەمەیان نەیگرت‌و رازیان کردن بەوەی کە کوردە ئاوارەکان، مافی دەنگدانیان هەبیت. با سەرنجێکی کورت بدەین لەم خواستەی ئەمانیش، کە هەمان شوفێنیزمە بەلام بەکوردی. زۆربەی زۆری ئەو "عەرەبە هێنراوانە" ی ئێستا لە 30ساڵو 20 ساڵ زیاترە لەم شارەدا دەژین، واتە زۆربەیان لەدایك بوی ئەم شارەن‌و لەم شارەدا گەورە بون‌و خویندویانەو کاریان کردوە لەگەل کەش‌و هەواکەیدا ڕاهاتون‌و لایەنی کەم لە ژیانی پێشوی خۆیان باشتر ژیاون، وە بەبڕوای من بە جیا لەوەی کە ئەوان لە سایەی سیاسەتی پاکتاوکردنی قەومیدا هێنراونەتە ئەمشارە، بەڵام بۆخۆیان لە پێنا و ژیانێکی خۆشتری خۆیاندا هاتونەتە ئەمشارەو هەروەها بەرپرس نین لەسیاسەتێك کە حکومەتی دڕندەی بەعس پیادەی کردوە، وەك چۆن خەڵکی کوردستان بەرپرس نین لە هێنانی سوپای حکومەتی بەعس‌و حکومەتی تورکیاو نیزامی ئیسلامی ئیران بۆ نێو کوردستان لەساڵی 1996دا، هەروەکو چۆن خەڵکی کوردستان بەرپرس نین لەبەرانبەر شەڕی نیۆ خۆدا کە هەزارانیان بەکوشتدا و دەیان هەزاریشیان ئاوارەکرد، وە .... ئەم ویست‌و داوایەش کە کە ئامانجی خۆی کردۆتە دەرکردنی ئەم ئینسانانە، بەهەمان ئاست شۆڤێنی‌یە کە ڕیگە دەگرێت لە گەڕانەوەی ئاوارە کورد زمانەکان بۆ سەر خانوبەرەو لای باوك‌و دایك‌و منداڵەکانی خۆیان...

هەردوو لایەنی ئەم کێشمە کێشە، مەسەلەیان نە خەڵکی عەرەب‌و نەخەڵکی کوردە، بەڵکو ئەوانە ناوێکن بۆ پچرینی بەشێکی زیاتر لەدەسەلات‌و لەبەرکردنی بەرگێکی قەومی بەسەر ئەمشارەدا، نە خەڵکی عەرەبی ئەمشارە لە لەکاتی نەگەڕانەوەی "ئاوارەکاندا" ژیانی باشترۆ خۆشتر دەبێت، وە نە خەڵکی کورد، لە حاڵەتی دەرکردنی "عەرەبە هێنراوەکان"دا ژیانی خۆشترو باشتر دەبیٚ، مەگەر ئاوارەکانی کەرکوك لە کوردستان حالیان زۆر خۆش بوو لە ژێر خێمەی دڕاوو لەناو قوڕو لیتەو ساردو سەرمای زستانی کوردستاندا؟!.

هێنانە پێشەوەی ئەم باسە لەکاتی هەڵبژارندا وەیان پێش ئەوە و دوای تەواوبونی ئەم گالتەجاریەش، هیچ پەیوەندی بەوەوە نیە، کە کەرکوك شارێکی کوردنشینە، وە ئەمە بە پێچەوانەی تێزەکانی ناسیونالیزمی کوردەوە هیچ بەڵگەیەکی مێژویی‌و خەریتەی عوسمانی‌و ئینگلیزی پێویست نیە، ئەوەی پێویستە وە واقعەن گرینگە دەنگی خەڵکی ئەمشارەیە بۆ پەیوەست بون بەکوردستانەوە یان مانەوەیان لە نیو عێراقدا. بەڵام ئەمە لەحالێکدا ممکنە کە کوردستان جیابێتەوە، ئەوکات ڕۆشنە کە پێویستە تەواوی ناوچە کوردنشینەکان، واتە ئەو ناوچانەی کە بەجیا لەخەڵکی کورد زمان، عەرەب زمانی تێدایە بە ڕێژەی جۆراوجۆر، دەنگ بدەن. بەڵام ئەگەر کوردستان جیانەبێتەوە، ئەوکات، ئەم خواستە، هەر دەبێتە خواستێك بۆ پچرینی بەشی ناسیونالیزمی کورد لە دەسەلاتی مەرکەزیداو هیچ پەیوەندی نیە بە خواستی خەڵکی کوردستان‌و کورد زمانەکانی شاری کەرکوکەوە.
" هەڵبژاردن" لە کەرکودا بو بە تەپکەیەك کە زیاتر برەوی دا بە ئاپارتایدی قەومی ولیك دابڕانی ئینسانەکان‌و شەری موقاتەعەی نێو ئەحزاب‌و لایەنی قەومی لەسەر هەویەتی قەومی ئەم شارە، لەحالێکدا، خەڵکی ئەمشارە پێو یستیان بەم هەرایە نیەو خواستی ئەوان دابینکردنی ئەمنیەت‌و ئارامی‌و دابینکردنی ئاوو کارەباو خەستەخانەو قوتابخانە بە زمانە جیاوازەکان‌و ئازادییە فەردی‌و مەدەنی‌و سیاسی‌یەکانە. هەلومەرجی شاری کەرکوك‌و هەولدان بۆ نەفیکردنەوەی بەرانبەر لە ژێر ناوی قەومیەتدا، شایەتی حالی ریسوایی‌و گالتەجاری ئەم هەڵبژاردنە بوو.